توێژینەوەیەکی زانستی: فاست فوودو خواردنەوە گازییەکان سووەی مانگانە لە کچاندا پێش دەخەن

توێژینەوەیەک دەریدەخات، ئەو کچانەی بە رێژەیەکی زۆر خواردنەوە گازی و شەربەتە شیرینکراوەکان دەخۆنەوە، ئەگەری هەیە زووتر لە هاوتەمەنەکانیان تووشی یەکەم سووەی مانگانە ببن، کە ئەمەش مەترسیی تووشبوون بە هەندێک نەخۆشی لە داهاتوودا زیاد دەکات.

توێژینەوەکە لە زانکۆی واشنتن لە ئەمریکا کراوە و بە ماوەی چەند ساڵێک چاودێریی نزیکەی 10 هەزار کچی کردووە کە تەمەنیان لەنێوان 9 بە 14 ساڵان بووە. دەرکەوتووە ئەو کچانەی کە رێژانە زیاتر لە یەک جار و نیو خواردنەوەی شیرینکراویان خواردووەتەوە، بە تەکێا 2.7 مانگ زووتر یەکەم سووەی مانگانەیان ئەزموون کردووە.

د. هەلی هاریس سەرپەشتیاری توێژینەوەکە دەڵێت "هەکاری ئەم پەیوەندییە بە کاریگەریی شەکر لەسەر جەستە دەگەڕێنەوە''.

ئەوەش باس دەکات، خواردنەوەکانی وەک خواردنەوە گازییەکان و شەربەتە دەستکردەکان، کە بەکی زۆر

شکری زیادکراویان تدایە، دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی خەرای ئاستی ئینسۆلین لە خوەندا. بەرزبوونەوەی ئاستی ئینسۆلینیش دەتوانێت ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هەندێک هورمۆنی سەکسی، و ئەمەش پەسەی باڵخبوون خەراتر دەکات.